# تێرۆرکردنی ئازادیو کوشتنی حەقیقەت



**ئاسۆ جەبار**

"مەحاڵە فەلسەفەی ئازادی شوێن لەکۆمەڵگەیەکدا بدۆزێتەوە کە هێشتا خەڵکی تیایدا پێویستیان بە ئازادی راستەقینە هەبێت" سارتەر

"ئازادی ناژی تەنیا لەجیهانی ئازادییەکاندا نەبێت" یاسپەرز

ئەو دەسەلأتانەی پێیانوایە حەقیقەت لەگەرووی خۆیاندایەو خۆیان بەخاوەنی بێ قەیدوشەرتی حەقیقەتو راستییەکان دەزانن‌و بێ هەڵەو کەمکوڕین، سەددەرسەد دەسەلأتگەلێکی دیکتاتۆرو ستەمکارن. وەکچۆن ئەو جەنگاوەرانەی پێیانوایە ئازادیو سەربەخۆیی مرۆڤەکان لەلولەی تفەنگەکانیاندایەو لەڕێی ئەم ستەمە ئەخلاقیەوە خۆیان دەکەن بە میراتگری هەمیشەیی سەرلەبەری سەرچاوە ئابوریو سیاسیو فەرهەنگیو شارستانییەکان.

دیکتاتۆرو دەسەلأتە ناعادیلو گەندەڵو ستەمکارەکانیش سەرباری ئەوەی دەسەلأتگەلێکی داگیرکارو وێرانکارن لەرووی ئابوریو فەرهەنگیو رۆشنبیرییەوە دەسەلأتگەلێکی تێرۆریستیشن بۆ کوشتنی حەقیقەتو ئازادیو رۆشنبیریو روانین‌و دنیابینی مۆدێرن بە ناشرینترین شێوە. هاوکات هێزگەلێکی مەرگدۆستن بۆ کاولکردنی شارستانیەتو فەرهەنگو تالأنکردنی کۆمەلگەو تێرۆکردنی خەونی گۆڕان‌و داهێنان‌و جیاوازییەکان.

ئەوانەی پێیانوایە شاردنەوەی دیاردەی تێرۆرو سازکردنی بێدەنگخانەیەکی گەورە کۆمەڵە هەوڵێکی گەورەن بۆ بنبڕکردن‌و لەناوبردنی دیاردەکە، بێگومان بێئاگان لەوەی کە تێرۆر هەوڵێکی کوشندەو کاریگەرە بۆ تەقاندنەوەی باڵەخانەکانی بێدەنگیو غافلگیرییێکی بێئەندازەیە کە گەورەترین سود لە بێدەنگیو شاراوەییو ناهوشیاریو کاڵفامی وەردەگرێت.

هاوکات چۆن تێرۆرو زەبری کاولکاری هێزگەلێکن بۆ داڕوخانی ئابوریو فەرهەنگیو شارستانیو سیاسی بە مەترسیدارترین‌و وەحشیگەریترین کردەو کاریگەری، بەهەمانشێوە دیاردەی گەندەڵیو ناعەدالەتییەکی وەحشیگەرانەو کوشتنی رایگشتی هێزگەلێکی کوشندەترن لەتێرۆر، ئەوەی تێرۆر ناتوانێت لەناوی بەرێت، بێگومان عەقڵیەتو کردەی گەندەڵیو ناعەدالەتیو دیکتاتۆریەتو ستەمکاری بەئاسانی دەتوانن کاولی بکەن.

بەرهەمهێنانی دەزگاگەلێکی رۆشنحیزبیو میدیاحیزبیو ئابوریحیزبیو کۆمپانیاحیزبی بۆ بەرپاکردنی پانتاییەکی بەرفراوانی جەهلو بێئاگاییو کەمتەرخەمیو مۆنۆپۆلکردن‌و بێبایەخکردن‌و نەخوێنەواری، کۆمەڵە هەوڵێکی کوشندەن بۆ بەرپاکردنی فەزایەکی گەورەی کۆنخوازیو شکۆدارکردنی جەهلو بەرهەمهێنانی ماشێنێکی گەورەی بێبایەخکردن‌و دابەزاندنی ئاستی فیکریو ئەکادیمیو مەعریفی ئەو ئاستە رۆشنبیریو فەرهەنگییەی کە ناوەندە رۆشنبیرییە جیدییەکانی دەرەوەی دەسەلأتو ناوەندی رەسمی کاری لەسەر دەکەن کە هەوڵی دەستەبژێرێکی جیاوازو رەخنەگرن بۆ خولقاندنی فەزایەکی بەرفراوانی ململانێی رۆشنبیریو مەعریفی، کە کۆمەڵە هەوڵێکی ئەکادیمیو مەعریفین بۆ سازکردنی کلێشەسازییەکی دیکەی تێگەیشتن‌و هەڵوەشاندنەوەو تێکشکاندنی ئەو خەیاڵگە کانزاییەی دەسەلأتە هەژمونگەرو ستەمکارو سەرکوتکارەن کە پێکهاتەی فەلسەفەیەکی کۆنزێرڤاتیڤو سەلەفین بۆ ئەبستڕاکتکردنی جەهلو دامەزراندنی کۆنسێپتێکی گەورەی داگیرکردن‌و خامۆشکردن‌و سیستکردنی گۆڕان‌و داهێنان‌و جیاوازیو نوێگەری.

## میدیای كوشندە

بۆئەوەی لەدیكتاتۆریەتو عەقلیەتی پاوانخوازیو داگیركاریو هەژمونگەری تێبگەین، دەبێت بەر لەهەرشتێك ئەو دەزگاو ناوەندو مەڵبەندو رێكخەرە بچوكو گەورانە هەڵبوەشێنینەوە، كە بەرهەمهێنەرێكی گەورەی روانینو دنیابینییە داخراو و تاكئارِستەو تاكرِەهەندو هەژمونگەرەكانن، وەكچۆن بۆئەوەی لەسیتمی دیموكراسیو پەرلەمانی تێبگەین پێویستە ئەو خەیاڵە بەرفراوانەی خۆشباوەرِی لەخۆماندا بكوژین كە دەڵێت سیستمە دیموكراسییەكان باشترین جۆری حوكمكردنو رێكخەرێكی مۆدێرنی بێ هەڵەو كەموكورِین، هاوكات وەكچۆن بۆئەوەوی لەماركسیزمو دنیابینی ماركسیزم تێبگەین دەبێت بگەرِێنەوە بۆئەو پاشخانە تێوریو فەلەسەفیەی كە لەپشت ماركسیزمەوە بووەتە دارِێژەری ئایدۆلۆژیاو هزری ماركسیزم.

دەزگاكانی بەرهەمهێنانی جەهلو ستەمكاریی زمانەوانیو رۆشنبیریو فەرهەنگیو میدیاییەكان، دەزگاگەلێكی خاڵی نیین لەدنیابینی مۆدێرنو روانینو كاركردنو ئەكتیڤیتی، لەبەرئەوە پێویستە بەر لەهەرشتێك ئەو خەیاڵە خۆشباوەرِامێزە لەخۆماندا بكوژین كە دەڵێت ئەو دەزگایانە خاڵین لەبیركردنەوەو دنیابینیو هزرێكی تایبەت، یان دەزگاگەلێكی بێ عەقڵو بێبەرنامەو پرِۆگرامو ئایدیان. بەلاَم پرسیاری یەكەمان لێرەوە دەستپێدەكات.. ئایا ئەم دەزگایانە خاوەنی چ دنیابینییەكو چ عەقڵو روانینێكن؟

دنیابینی تەنها مەودایەكی راڤەكارو شیكەرەوەی سەربەخۆ نییە، بەڵكە تیرۆریستەكانیش خاوەنی دنیابینیو روانینی خۆیانن، بەلاَم چ دنیابینییەكو چ عەقڵو چ هزرێك..! تیرۆریستەكان بەرلەوەی مرۆڤەكانی دیكە بكوژن یان سەریان ببرِن یان خۆیان بتەقێننەوە دەزانن بۆچی ئەو كردەوانە جێبەجێدەكەن، دەزانن بۆچی دەبێت مرۆڤەكانی دیكە بكوژنو بازارِە گەورەكانی قەرەباڵغ بە مرۆڤ بتەقێننەوەو ئەو شەقامانە خەڵتانی خوێن بكەن كە بازارێكی گەورەی كتێبفرۆشانو چاپەمەنییەكان یان بازارە گەورەكانی كرِینو فرۆشو مامەڵكردنە ئاساییەكانن، تیرۆریستەكانیش خاوەنی دنیابینی خۆیانن، كە كچێكی زانكۆ لاقەدەكەنو دواتر سەری لەلاشەكەی دەكەنەوە، ئەوە عەقڵێكی وێرانكارو ئایدۆلۆژین كە خاوەنی دنیابینییەكن بۆ بە كفرو بیدعە زانینی هەموو دیاردەیەكی مرۆییو مۆدێرن، تێرۆریستەكان سەرباری ئەوەی خاوەنی دەزگاگەلێكی گەورەن بۆ كوشتنی ئینسان بە هەموو شێوەیەك، خاوەنی دنیابینییەكی گەورەشن بۆ ترساندنو تۆقاندنی سەرلەبەری مرۆڤە زیندووەكانی دیكە لەرێی بەكارهێنانی مەرگ بە ناشرینترین شێوە وەك سەربرِینو پارچەپارچەكردنو بەردبارانكردن تا مردنو سوتاندنو تەقاندنەوەی جەستەی مرۆڤ، دواجار خاوەنی عەقڵێیەتێكی میدیاییشن بۆ پەخشكردنەوەی مەرگو پیشاندانی دەقاودەقی سەربرِینو كوشتنی بە كۆمەڵو تەقاندنەوە لەرِێی كامێرای ڤیدیۆییو ئینتەرنێتو سی دیو وێنە فۆتۆگرافییەكانەوە، هاوكات تیرۆریستەكانن دەزانن سەربرِینی مرۆڤێك واتە ترساندنی ملیۆنەها مرۆڤی دیكە، دەزانن تەقاندنەوەی بازارِێك واتە كوشتنی هەموو پیاسەیەكی بێ ترس بەسەر شەقامەكانداو تۆقاندنی كرِیارو فرۆشیارەكانی جوگرافیایەكی گەورەی ژیان، دەزانن تەقاندنەوەو سوتاندنی كتێبخانەكان، واتە تۆقاندنو گرِتێبەردانی فیكرو روانینو ئەدەبو وێرانكردنی روحو شكۆی نوسین، لەپشت كوشتنی نوسەرێك یان هونەرمەندێكەوە دنیابینییەكی كوشندە ئامادەیە بۆ خوێنرِشتنی سەرجەم نوسەرەكانی دیكەو تۆقاندنی سەرجەم هونەرمەندەكانی دیكە، وەكچۆن هەرِەشەكردنو تێهەڵدانی رۆژنامەنوسێك لەپایتەختی ولاَتێكدا لەلایەن كۆمەڵێك چەكداری نەناسراوەوە، واتە ترساندنو هەرِەشەكردن لەو نوسەرو رۆژنامەنوسانەی كە رەخنەدەگرن یان روانینو دنیابینییەكی جیاوازیان هەیە، هاوكات تیرۆریش خاوەنی ماشێنێكی گەورەی مەرگو ترساندنە، ماشێنێكە بۆ بەرهەمهێنانی مەرگێكی مەترسیامێزو تۆقاندنێكی روحیو دەروونی.

هاوکات ئەو دەزگا رۆشنبیریانەشی کە کاریان داگیرکردنو چەواشەکردنو بێبایەخکردنی فەرهەنگو نوسینو دنیابینییەکانی دیکەیە، کە خاوەنی روانینێکن بۆ سڕینەوەی فیکرو دنیابینییەکانی دیکە، تیرۆریستەکانیش خاوەنی هەمان روانینن بۆ کوشتنی جیاوازیو قبوڵنەکردنی ئەوی دی، وەکچۆن تیرۆریستەکان بە فڕاندنی رۆژنامەنوسێك سەرلەبەری رۆژنامەنوسو نوسەرەکانی دیکە دەترسێنن، بەهەمانشێوە دەزگا حیزبییەکانیش کاتێك رۆژنامەنوسێك دەفڕێننو بەکامی دڵی خۆیان لێی دەدەن، ئەم فیعلە تەنها بریتی نییە لە لێدانو داپڵۆسینی کەسێك، بەڵکە بریتییە لەئاماژەیەکی ترسناكو تۆقێنەرو بۆ تۆقاندنی سەرلەبەری ئەو رەخنەگرو رۆژنامەنوسانەی کە جیاوازییەکی گەورەی مەعریفیو رۆشنبیریان هەیە لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا، جا ئیتر گرینگ نییە ئەو دەزگایەنە رۆشنبیریی بن یان میدیایی یان عەسکەری، لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا کە دەسەڵاتگەلێکی ناعادیلو گەندەڵو کوشندە سەرلەبەری ژیانو ئاستە جیاجیاکانی فەرهەنگو ئابوریو رۆشنبیری داگیردەکەن ناتوانیت دەزگایەکی رۆشنبیری لەدەزگایەکی عەسکەری جیابکەیتەوە، وەك چۆن لەتوانای کەسدا نییە شاعیرێك لە کادرێکی حیزبی جیابکەیتەوە ئاوەهاش لەتوانادا نییە تەلەفزیۆنێکی ئاسمانی لەهۆڵێکی هەڵپەرکێ جیابکەیتەوە، چونکە هوڵێکی زەماوەند تەنها هەڵپەرکێ بەرهەمدەهێنێت، بەهەمانشێوە کەناڵی ئاسمانیش هەیە تەنها بەرهەمهێنەری هەڵپەرکێو هەلهەلەیە بۆ دەسەڵاتو سەرکردەو حیزبەکان.

**دیکتاتۆرو تیرۆریست**

بەڵام ئەوەی تیرۆریستەکانو دەزگاکانیان لەدەسەڵاتە گەندەڵو ستەماکارەکان جیادەکاتەوە، تەنها بریتییە لەکۆمەڵێك جیاوازی تەکنیکی، بۆنمونە تیرۆریست بازاڕەکان دەتەقێنێتەوە، هاوکات دەسەڵاتە کوشندەو ستەمکارەکان بازاڕەکان کۆنترۆڵدەکەنو سەرمایەو قازانجی ئەو بازاڕانە دەبەن بۆخۆیان، تیرۆریستەکان بۆری نەوتو پاڵاوگەکان دەتەقێننەوە، بەڵام دەسەڵاتە ستەمکارو بەرپرسە مشەخۆرو جێنتلمانەکانی گەندەڵی دەستدەگرن بەسەر سوتەمەنی (نەوتو بەنزینو گازو گازۆیل)داو دەبن بە بازرگانە چاوچنۆكو برسییەکان بۆ تاڵانکردنی گیرفانی هاوڵاتیان لەڕێی یاریکردن بەنرخو ئیحتیکارکردنی سوتەمەنی بۆخۆیان، بۆئەوەی بە گران بیفرۆشنەوە بە هاوڵاتیانو پشکی شێر بۆخۆیانو کۆمپانیاو بارەگاکانیان دابینبکەن، تیرۆریستەکان قازانجێکی مەعنەوی دەکەن لەتەقاندنەوەو سوتاندنی بۆریە نەوتەکانو لۆرییەکانی بەنزینو نەوت، بەڵام دەسەڵاتە ستەمکارەکان لەڕێی کۆنترۆڵکردنو داگیرکردنی سوتەمەنییەوە بۆخۆیان قازانجێکی ماددی گەورە دەکەنو لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە بەختەوەر دەبن بە دەوڵەمەندبونێکی خێراو خاوەندارییەتێکی خێراو ترساندنی هاوڵاتیان لەڕێی ستەمکاریی ئابوریو گاڵتەکردن بە هەستو پێداویستییە هەنوکەییەکانی هاوڵاتیان.

هاوکات تیرۆریستو دەزگا تیرۆرییەکان کتێبخانەو چاپەمەنییەکان دەتەقێننەوە، بەڵام دەسەڵاتە ستەمکارو کوشندەکان سەرلەبەری دەزگا رۆشنبیریو فەرهەنگییەکانو میدیاییەکان داگیردەکەنو دەیانکەن بەناوەندگەلێکی حیزبیو بەرهەمهێنەری جەهلو دەیانکەن بە ماشێنێکی گەورە بۆ بێبایەخکردنی رۆشنبیریو جیاوازییەکان، بەڵام تیرۆریستەکان لەڕێی ئەم کارە خۆکوژیانەوە لەڕێی زەرەرپێگەیاندن بە رۆشنبیریو شارستانییەت لەڕووی ماددییەوە وێرانو خاپوریدەکەنو ئەو جیاوازیانەش دەکوژن کە لەدەرەوەی خۆیاندا لەئارادایە، هەرچی ئەو دەزگا رۆشنبیریو فەرهەنگییو چاپەمەنییانەیە کە دەسەڵاتو حکومەتو حیزبە ستەمکارەکان داگیریان کردونو خۆیان کردووە بەخاوەنی یەکەمی ئەو دەزگایانە، هاوکات لەڕووی مەعریفیو ئەکادیمیو رۆشنبیرییەوە بەرپرسیارن لەو زەرەرە گەورە روحیو مەعریفییەی کە بەو دەزگایانەی دەگەیەنن لەڕێی داگیرکردنو کۆنترۆڵکردنی ئەو دەزگایانەوەو تاڵانکردنی رۆشنبیری بۆخۆیانو دروستکردنی قەڵایەکی بەناو رۆشنبیری بۆ دژایەتیکردنو دابەزاندنی بەهای رۆشنبیریو هزرو

روانینو هونەرو نوسینو ئەخلاقو جیاوازی، هاوکات لەرووی ئابوریشەوە دەبنبە بە مشەخۆرێکی کاولکار بۆ وێرانکردنی ژێرخانی ئابوریو پڕکردنی گیرفانو بەرزکردنەوەی تەلارەکانیان.

تیرۆریستەکان زۆر رقیان لەرۆشنبیرو نوسەرو رۆژنامەنوسو رۆماننوسە جیدییەکانە، بەهەمانشێوە دەسەڵاتە ستەمکارەکانو دەزگا رۆشنبیریو فەرهەنگییەکانیان رقیان لەرۆشنبیرو رۆژنامەنوسو رەخنەگرو رۆمانوسو شاعیرە جیدییەکانە، تیرۆریستەکان شەیدای کوشتنی رۆشنبیرانن، ئەو دەزگایەنەش کە زمانحاڵی حیزبو دەسەڵاتە ستەمکارو دیکتاتۆرەکانن شەیدای هەڕەشەکردنن لەو نوسەرو رۆژنامەنوسە جیدیانە، شەیدای ئەوەن کتێبیان بۆ چاپنەکەنو بابەتیان بۆ بڵاونەکەنەوەو شەڕی ئابوریان لەگەڵدا دەکەن، هاوکات تا پێیانبکرێت تاوانباریان دەکەن بەوەی کە ئەو رۆشنبیرانە نیشتیمانپەروەر نین یان دژی نەتەوەن یان ئاژاوەگێرن، پێیان عەیب نەبوایە هەموو رۆشنبیرو رۆژنامەنوسە جیدییەکانیان دەفڕاندو بەکامی دڵی خۆیان دارکاریان دەکردن. تیرۆریستەکان کتێب دەسوتێنن، دیکتاتۆرەکان زوربەی ئەو کتێبو نوسینانەی کە بەدڵیان نییە قەدەغەی دەکەنو لەناوی دەبەن، دەسەڵاتە نادیموکراتو ستەمکارەکانیش نوسینی حەرام لەنوسینی حەڵاڵ جیادەکەنەوە، ئەم پۆلێنکارییە کوشندەیە رێکخستنی سیستمێکی ستەمکارییو سەرکوتگەرایە بۆ گەشەپێدانی جەهلو رازاندنەوەی ناعەدالەتیو شکۆدارکردنی کۆیلەیەتیو دەستەمۆکردنی ئازادی لەرێی برەودان بە بابەتی نوسینو هونەری رێپێدراو و حەڵاڵ، واتە ئەو بابەتە رۆژنامەوانیو ئەدەبیو هونەریانەی کە پڕن لەستایشو پیاهەڵدانو شکۆدارکردنی دەسەڵاتو فراوانکردنی نفوزی داگیرکردنو دەستەمۆکردنی هاوڵاتیانو رۆشنبیران، کە بە زمانێکی لوسو دەستەمۆو چەواشەکارنە دەنوسرین، واتە ئەو بەرهەمە حەڵاڵانەی کە دەسەڵات وەك گۆشتی مەڕ حەڵاڵیکردوون، دواتر ئەو دەسەڵاتە کوشندەیە مەکرەمەی سیحریو دەزگاو چاپەمەنی مۆدێرنو سەرلەبەری مێدیاکان لە تەلەفزیۆنەوە بۆ رۆژنامەو رادیۆو سایتی ئینتەرنێتو گۆڤارەکان دەخاتە بەر دەستی ئەو نوسەرو رۆژنامەنوسە حەڵاڵنوسو هیچ نوسو لوس نوسانەی کە لەژێر زەوقو چێژی دەسەڵاتو حیزبدا بیردەکەنەوەو دەنوسن.

لەم پۆلێنکارییە کوشندەیەدا بەرامبەر نوسینو بەرهەمی ئەدەبیو هونەری حەڵاڵ، نوسینو بەرهەمی حەرامیش پۆلێندەکرێتو جیادەکرێنەوە، نوسینی حەرام سەرجەم ئەو نوسینانە دەگرێتەوە کە رەخنەئامێزو بێزارکارن بۆ دەسەڵاتو دەزگا رۆشنبیرییو میدیاییەکانی دەسەڵاتو حیزب، هاوکات وەکچۆن نوسینو بەرهەمی حەرام سەرجەم ئەو نوسینو بابەتی ئەو رۆشنبیرو نوسەرو رۆژنامەنوسانە دەگرێتەوە کە وەك رەخنەگرو ناڕازیو ئەکادیمیستو چالاك ناسراون، هاوکات سەرجەم ئەو رۆژنامەو سایتانەش دەگرێتەوە کە بابەتاکانی ئەوان بڵاودەکەنەوە، واتە ئەم پۆلێنکارییە تەنها بەوەوە ناوەستێت تەنها نوسینە حەرامو حەڵاڵەکان لەیەکتری جیابکاتەوە، بەڵکە ئەم سیتمی جیاکارییە جەبرییە ماشێنێکی گەورەیە بۆ بەرهەمهێنانی پێناسو شوناسی پۆلێنکردنی کەسو دەزگاو رۆژنامەو هەفتەنامەو گۆڤارو رۆشنبیرو چالاکی مەدەنیو رێکخراوی مەدەنییەکانیش، بە واتایەك لەژێر سایەی زەوقو سەلیقەی دەسەڵاتە نادیموکراتو کوشندەو ستەمکارەکاندا چۆن رۆشنبیرو نوسەرو رۆژنامەنوسی حەرامنوس لەرۆشنبیری حەڵاڵنوس جیادەکرێنەوە، بەهەمانشێوە رۆژنامەو هەفتەنامەو بزوتنەوەی رۆشنبیریو مەدەنی حەرامو حەڵاڵیش جیادەکرێنەوە، هاوکات ئەم جیاکارییە کوشندەیە درێژدەبێتەوە بۆ ناو خوێنەرانیش، ئەم دەسەڵاتانە سەرباری ئەوەی دەسەڵاتگەلێکن بۆ بەرهەمهێنانی ناعەدالەتیو گەندەڵیو ستەکاریو وێرانکردنی ئابوریو سیاسیو شارستانی، هاوکات دەسەڵاتێکیشن بۆ وێرانکدنی زەوقی رۆشنبیریو فەرهەنگی، چەند چەواشەکارێکی بە سەلیقەن بۆ چەواشەکردنو خۆڵکردنە چاوی هاوڵاتیانەوە لەرێی ناوەندو دەزگاکانی راگەیاندنەکانی خۆیانەوە، هێندەش چەواشەکارێکی گەورەن بۆ

دروستکردن‌و راهێنانی خوێنەران‌و بینەران لەسەر نوسین‌و بەرهەمی حەلاڵکراو، دواجار ئەم سیستمە دەبێتە بەرهەمهێنەری مێگەلێك لەمرۆڤی خوێنەر حەلاڵ‌و بینەرحەلاڵ‌و سەیرکەرحەلاڵ‌و بیرکەرەوە حەلاڵ.

ئەو عەقڵەی لەپشت ئەو دەزگا رۆشنبیری‌و میدیاییانەوە کاردەکات، عەلیەتێکە بۆ پاوانکردنی حەقیقەت‌و سڕینەوەی جیاوازییەکان، خاوەنی پرۆگرامێکن بۆ خاوەندارێتیکردن‌و دژایەتیکردنی روانین‌و عەقڵەیەتەکانی دیکە، باوەڕیان بە کرانەوەی رۆشنبیری‌و فەرهەنگی نییە، بەلاَم باوەڕیان بە پاوانکردنی رۆشنبیری‌و میدیایی هەیەو کاری جیدی بۆ دەکەن، خاڵین لەمەعریفەیەکی راڤەکاری‌و شیکاری‌و ئەکادیمی، بەلاَم لێوانلێون لەمەعریفەیەکی هەژمونگەری‌و دیکتاتۆری بۆ بەرهەمهێنانی ستەمکاریی رۆشنبیری‌و سەرکوتکردنی حەقیقەت لەڕێی زمانی چەواشەکاری‌و شێوێنکاری‌و سەروەرخوازی‌و شکۆسازی‌و حیکیاتخوازییەوە.

**دەسەلاَتی بیرکەروە/ دەسەلاَتی کاولکار**

دەسەلاَت‌و حکومەتی وا هەیە بیابانێکی کاکیبەکایکت بۆ دەکات بە نیشتمانێکی پڕ لەسەوزایی‌و ئاوەدانی، دەسەلاَتیش هەیە نیشتیمانێکی سەوزو پڕ بەروبومت بۆ دەکات بە بیابان، دەسەلاَت هەیە وەزیرو پەرلەمانتارو بەرپرسەکانی وەك هاولاَتییەکی ئاسایی دەژین، دەسەلاَتی واش هەیە هەندێك لەبەرپرسەکانی لەهارونەرەشید خۆشتر بەکەیفتر دەژین‌و یەکی چەند خانو و تەلارو چەند سوپەرمارکێتێك‌و چەند بەنزینخانەیەك‌و کۆمەڵێك سەیارەی کەشخەیان لەژێردایە، وەزیرەکانیشی بێخەمترین‌و دەوڵەمەندترین پیاوانی ولاَت‌و فڕیان بەدنیای مۆدێرن‌و بەرنامەڕێژی‌و پلاندانانەوە نییە، پەرلەمانتارەکانیشی بێدەنگترین‌و خەمساردترین مرۆڤی دنیان، تەواوی حکومەتەکانی دنیا گرینگترین شت بەلایانەوە ژێرخانی ئابوری‌و پیشەسازی‌و بەرهەمهێنان‌و گەشەپێدانی کشتوکاڵ‌و بەربومەکانە، حکومەتیش هەیە وەك کرم ئابوری ولاَت دەخوات‌و میللەت دەکات بە میللەتێکی بەرخۆرو موستەهیلك، گرینگ نیە بەلایەوە کارخانەیەکی فالینە عەلاگەو شۆرتی نەبێت، بەلایەوە ئاساییە فالینەی عەلاگەو ماست‌و پەنیرو پرتەقاڵ‌و دۆو قەیتانی قۆنەرەو دەرزی دورمان‌و گوێ پاکەرەوەو گۆرەوی‌و سەرجەم پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکان لەولاَتانی دراوسێ‌و بازاڕە شەقوشڕەکانی دەوروبەرەوە بهێنێت.

ئەوەی لەگەندەڵی‌و ناعەدالەتی‌و ستەمکاری دەمێنێتەوە نیشتیمانێکی جوان نییە، بەڵکە پاشماوەی ئەو کەلاکە ئابوریەیە کە سەرلەبەری جەستەی جێی قەپاڵی حیزب‌و بەرپرس‌و هێزە نهێنییەکانە، بەرماوەی گەندەڵی‌و تالاَنخۆری بێجگە لە نیشتیمانێکی وێران‌و موحتاج لەرووی ئابوریەوە، بێجگە لەکۆمەڵگەیەکی هەژار لەرووی ژیانەوە هیچی تر نییە، ئەوەی لەقەپاڵی دڕەندەکانی گەندەڵی دەمێنێتەوە دەزگاگەلێکی بەتاڵ لەپڕۆژە بەلاَم پڕ لەوەهم، بەتاڵ لەخەون بەلاَم لێوانلێو لەبەڵێن‌و چەواشەکاری، سەرزەمینێکی خاڵی لەنەزاهەت‌و خەمخۆری، بەلاَم لێوان لەبێمتمانەیی‌و نادڵنیای‌و غەمگینی‌و رەزالەتی سیاسی‌و ئابوری‌و فەرهەنگی‌و رۆشنبیری‌و شارستانی.

دواجار دەسەلاَتە گەندەڵ‌و ناعادیل‌و ستەمکارەکان کوشندەیەکی گەورەی رایگشتی‌و ئازادی رادەربڕین‌و روانین‌و دنیابینییە جیاوازو نوێخوازەکانن، هاوکات دەسەلاَتگەلێکی بۆ پاوانکردن‌و داگیرکردن‌و دەرەبەگخوازی، سەرەنجام هێزگەلێکن بۆ کوشتنی حەقیقەت‌و تیرۆرکردنی ئازادی‌و خەونی گۆڕانکاری‌و داهێنان‌و روحیەتی ژیاندۆستی.